# پاڵەوانێتی هێزی لەشی کەرکوک بەڕێوەچوو



وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری هێزی لەش لەشاری کەرکوك، یەکێتی هێزی لەشی کەرکوك لەهۆڵی نوێنەرایەتی کەرکووکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە بەشداری شەش یانەی شاری کەرکوك و لەکێشی ٥٣کگم تاکو٩٣کگم پاڵەوانێتی هێزی لەشی یانەکانی شاری کەرکوك و دەوروبەری بۆهەردوو ئاستی تازەپێگەیشتوان و لاوان ئەنجامدا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد. ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی تازەپێگەیشتووان

١-یانەی ئاشوری

٢-یانەی سۆلاف

ئاستی لاوان

١-یانەی سۆلاف

٢-یانەی باباگوڕگوڕ

# یانەی سلێمانی کۆنترۆڵی بلیاردی کوردستانی کرد

لەشاری دهۆك لەهۆڵی ستیرێن بەسەرپەرشتی یەکێتی بلیاردی کوردستان و بەهاوکاری یەکێتی بلیاردی لقی دهۆك و بە بەشداری٢٢ لەیانەکانی کوردستان، پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەهەردوو جۆری ٨black-٩ball بۆهەردوو ئاستی لاوان و تازە پێگەیشتوان، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی لاوان

١-یانەی سلێمانی

٢-یانەی باباگوڕگوڕ

٣-یانەی ئارارات

ئاستی تازەپێگەیشتوان

١-یانەی سلێمانی

٢-یانەی زێرەڤانی

٣-یانەی خاك



# تیمی کاراتێی یانەی وەرزشی پێشمەرگە میدالیای زێڕیان لەمل کرا

لەوڵاتی تورکیا پاڵەوانێتی کاراتێی نێودەوڵەتی سەکاریا کە ٢٠ نوێنەری وڵاتانی جیهانی تێیدا بەشدار بوو دوای ململانێیەکی زۆر بەهێز بۆ پلەکانی یەکەم تا سێیەم کە ململانێکان لەنێوان تیمی کۆمیتەی تورکیا و ئێران و تونس و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بوو بۆ ئاستی لاوان لەئەنجامدا و لەپاش هەوڵدانی یاریزانانی تیمی کۆمیتەی پێشمەرگە سەرئەنجام توانیان پلەی یەکەم و میدالیای ئاڵتون لەمل بکەن، بەم ئەنجامەش تیمی کاراتێی یانەی پێشمەرگە توانی لەسێیەم ڕۆژی یاریەکاندا دوو میدالیای زێڕ و یەك میدالیای بڕۆنز بەدەست بهێنێت کە بەم شێوەیە بوون، یەك میدالیای زێڕ لەسەر ئاستی کاتای تاك بۆ ئاستی پێشکەوتوان، مەدالیای زێڕ لەپێشبڕکێی تیمی کۆمیتە لەسەر ئاستی لاوان میدالیای بڕۆنز لەسەر ئاستی پێشکەوتوان بۆ تیمی کاتا لەکۆی گشتیش ٤ملوانکەی زێڕی بەدەستهێنا.



محەمەد حەمەخان کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان:

# بەرزکردنەوەی جامی ڤیڤا خۆشترین ساتی ژیانم بوو

دیمانە: کارزان کانەبی

**■ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی شاری هەولێرە یەکێکە لەیاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر پێشتریش لەیانەکانی بروسك و هەولێر و پێرس و زاخۆ و کەرکوك یاریکردووە خاوەن ئاستێکی بەرزە لەهێڵی بەرگری، ئەم ساڵیش لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان لەپاڵەوانیەتی ڤیڤا بەشداری کرد توانی نازناوی جامی ڤیڤا بۆیەکمجار بەدەست بهێنێت، بۆماوەی چوار ساڵە کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان و یانەی بروسکە لەهەردوو خولی کوردستان و عێراق یاریکردووە ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**

***چۆن بوو ئەمساڵ بۆیەکەمجار لەمێژوو توانیتان جامی ڤیڤا بەرز کەنەوە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت یەك دڵ و گیانی تەواوی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران و هاندەرانی وەرزشی لەشارەکانی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەموومان بەیەك ئامانج لەسەرەتای دەستپێکی پاڵەوانێتیەکە کارمان کرد و سوپاس بۆخواش توانیمان لەتەواوی یارییەکان هەموو بەربەستەکانی پێشمان ببڕین و سەرکەوتنی گرنگ و مێژوییمان بەدەستهێنا.

***هەستت بەچی کرد وەکو یەکەم کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان جامی ڤیڤات بەرز کردەوە؟**

-ساتە وەختێکی یەکجار خۆشبوو، کە وەکو کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان توانیم جامەکە لەدەست بگرم و بەرزی بکەمەوە هەستم کرد شەرەفێکی یەکجار گەورەمان لەسەر شان بووە لەگەڵ یاریزانانی کوردستان کە لەژێر ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان یاریمان کردووە ئەم نازناوەمان بەدەستهێناوە، یادگارییەکی یەکجار خۆشە بۆمن لەبیرکردنی مەحاڵە.

***دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی جامی ڤیڤا، بڕیاری وازهێنانی یەکجاریت دابوو لەتۆپی پێی بۆچی؟**

-هەستم کردبوو کە ماوەیەکی زۆرە لەنێو وەرزش و سەرتاپای ژیانم ببوە وەرزشکردن، بۆیە بەباشمزانی بەدەستهێنانی ئەم نازناوە گرنگە جیهانیە ببێتە دەروازەیەك بۆ وازهێنانم لەوەرزشکردن، بەڵام دواتر ڕێگەیان نەدا واز بێنم.

*** دەڵێن ژمارەیەك لەیاریزانان و تاریق عەبدولڕەحمان پاشگەزیان کردیەوە؟**

-بێگومان قسەکانت زۆر ڕاستن، دوای ئەوەی گوتم واز دەهێنم برای خۆشەویستم تاریق عەبدولڕەحمان سەرۆکی یانەی بروسك گفتوگۆی زۆری لەگەڵ کردم بۆئەوەی پاشگەزم بکاتەوە، چونکە لەیانەی بروسك پێویستیان بەمن بوو، یاریزانانی یانەی بروسکیش بەگشتی هەموویان وازیان نەهێنا گوتیان کاپتن ئەگەر نەیتەوە ناتوانین ئێمە بەردەوام بین، بۆیە دەبێ بەهەر جۆرێك بێت بگەڕێتەوە یانەکە، بۆیە لەبەر خۆشەویستی سەرۆکی یانەکە و یاریزانانی یانەی بروسك بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ نێو وەرزش.

***ماوەیەك پێش ئێستا لەیانەی کەرکوك داوا کرابووی بۆخولی عێراق بۆچی نەچوویت؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت لەیانەی کەرکوك گرێبەستم پێشکەش کرا بۆ ئەوەی لەخولی بژاردە یارییان بۆ بکەم، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی زۆرم بۆیانەی کەرکوك کە ماوەیەکی زۆر یاریم لەم یانەیە کردبوو خزمەتی شارەکەم کردبوو، بەهۆی هەندێك کاری تایبەت بەخۆمەوە نەمتوانی بچم خزمەتی ئەو یانەیە خۆشەویستە بکەم، لەلایەکی تریش من بڕیاری ئەوەمدابوو کە واز بێنم، بۆیە ئەمانە هۆکاربوون.

*** پاڵەوانێتی فەڵەستین دەرگا کرانەویەك نەبوو بۆ هەڵبژاردەی کوردستان؟**

-بێگومان بەشداری کردنمان لەپاڵەوانێتی فەڵەستینی نێودەوڵەتی دەرەفتێکی یەکجار باش و زێڕین بوو بۆ ئێمە کە توانیمان لەویش لەپاڵەوانێتیەکە پلەی سێیەم بەدەستبهێنین و خەڵاتی تیپی نموونەیمان بەرکەوت، ئەوەش کاریگەری خۆی دەبێت، لەمە بەدواوە دەتوانین لەپاڵەوانێتی تریش بەشداری بکەین.



***تۆ لەساڵانی ڕابردوو لەدوو خول بەشدار بووی کوردستان و عێراق کامیان بەهێزترە؟**

-هەر خولەو تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر زیاتر گرنگی بەخولی کوردستان بدەن خۆشترە لەخولی عێراق بەتەئکیدیش ئێستا خولی کوردستان یەکجار بەهێزە ململانێی بەهێز هەیە لەنێوان یانەکان تا دوا هەفتەکانی کۆتایی پاڵەوانی خولەکە دیار ناکەوێ ئەوەش بەڵگەی بەهێزی خولەکەیە، خولی عێراقی بەرنامەیەکی تایبەتی نییە هەر ڕۆژەی بڕیارەکانی کاتی دیاری کراوی نییە.



***بەبۆچوونی تۆ باشترین یانە لەعێراق کام یانەیە؟**

-تا ئێستا یانەی هەولێر باشترین یانەی عێراقە. سەربەرزم بەو یانە، چونکە یانەی شارەکەمە.

***تۆ وەکو یاریزانێکی هێڵی بەرگری کام هێرشبەر هیلاکی کردوی؟**

-لەگەڵ زۆربەی هێرشبەرە بەتواناکانی عێراقی یاریمکردووە، بەڵام هێرشبەری شاری بەغداد یاریزان عەلی مەنسور زۆر ماندووی کردوم، من بایەخ بەهەموو هێرشبەرێك دەدەم.

# بەرشلۆنە چاوی بڕیوەتە یاریزان هۆملیز

دوای ئـــەوەی ڕاهێنـــەری تازەی یانەی بەرشـــلۆنە تیتـــۆ ڤیلانۆڤا لەئەرکەکەی دەست بەکاربوو، یانەی ناوبراو هەوڵ دەدات چەندین بۆندی تـــازە مۆر بکات بەتایبەتی لەهێڵی بەرگـــری، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی کە لەشاری بەرشلۆنە دەردەچێت ڕایگەیاند یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا دەیەوێ بۆندێك لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بروسیا دۆرتمۆند ماتس هۆملیز مۆر بکات کە ئاستێکی بەرز لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی پێشـــکەش دەکات لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ لەهەردوو وڵاتی پۆلەندا و ئۆکرانیا.
یاریزان هۆملیز تەمەن ٢٣ ســـاڵ لەســـەرجەم یارییەکانی هەڵبژاردەی ناسیونال مانشافت توانایەکی یەکجار بەرزی نواندووە و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەبەهێزکردنی هێلی بەرگری هەڵبژاردەکەی، ڕۆژنامەی ســـپۆرت ڕایگەیاند کە هۆملیز باشترین شوێنگرەوە دەبێت بۆ یاریزان کارلیس پیۆل ئەگـــەر پیۆل بڕیاری وازهێنان بدات، جگە لەوەش نرخی ئەو یاریزانە زۆر کەمتر دەبێت لەنرخی یاریزانی بەرازیلی تیاگۆ سیلڤا کە بەرشلۆنە چاوی لەســـەر داناوە و یانەی میلان داوای ٤٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات یان یاریزانی یانەی ئەتلەتیك بیلباو خافی مارتینیز کە نرخەکەی ٣٥ ملیۆن یۆرۆیە.
ڕۆژنامەکە ئەوەشـــی ڕاگەیاند کە ئاست بەرزی یاریزان هۆملیز سەرنجی چەندین یانەی گـــەورەی ئەوروپای بۆ خۆی ڕاکێشـــاوە وەك یانەکانی مانچێســـتەر یونایتد و مانچستەر سیتی لەئینگلتەرا و یۆڤانتس و ڕۆما لەئیتالیا.

## کاگاوا ژمارە ٧ی شەیتانە سوورەکان ڕەتدەکاتەوە

**دوای ئەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی ژاپۆن شینجی کاگاوا بۆندێکی بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی مۆرکرد و خۆشـــحاڵی خۆی دەربڕی بەیاریکردنی بۆ یانەی شـــەیتانە ســـوورەکان، یاریزانی ناوبراو ڕازی نەبوو درێســـی ژمارە ٧ وەربگرێت کە پێشتر یاریزانە بەناوبانگەکانی یانەی مانچســـتەر یونایتد وەریان گرتبوو وەك جۆرج بێست و دێڤید بێکهام و کریســـتیانۆ ڕۆنالـــدۆ، کاگاوا کە چەندین یانەی ئەوروپا داوای کردبـــوو، بەڵام لەکۆتاییدا یانەی مان یونایتدی هەڵبژارد دەیەوێت بۆ خۆی مێژوو لەیاریگای ئۆڵد ترافۆلد دروســـت بکات نەك بەدرێسی یاریزانە بەناوبانگەکان هەر بۆیە ئەم ژمارەیەی ڕەتکردەوە.**
**کاگاوای تەمەن ٢٣ ساڵ لەلێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی گۆڵی جیهانی گوتی: من دەزانم ژمارە ٧ ژمارەی یاریزانە گەورەکانی یانەی مانچســـتەر یونایتدە، بـــەڵام من دەمەوێ ناوێك بۆ خۆم دروســـت بکەم لەئۆڵد ترافۆلد و لەســـەر شێوازی خۆم نەك لەسەر شێوازی یاریزانانی دیکە.**
**یاریـــزان کاگاوا ژمارەیەك لەنێو ژمارەکانی ٨ و ٢٦ و ٢٩ و ٢٣ هەڵبژێرێت کە درێسی ژمارە ٢٣ لەیانەی بروسیا دۆرتمۆند لەبەری دەکرد.**




## ٥٠ ملیۆن یۆرۆ لە مان سیتییەوە بۆ فالکاو

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ڕایانگەیاند یانەی مانچســـتەر ســـیتی پاڵەوانی خولی نایابی ئینگلتەرا بۆندێکی گەورە ئامادە دەکات بۆ کڕینەوەی یاریزانی هەڵبـــژاردەی کۆلۆمبیـــا و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیســـپانی ڕادمیل فالـــکاو، ڕۆژنامەی میترۆی ئینگلیزی دووپاتیکـــردەوە کە لەهەفتەکانی داهاتوو چوار لەهێرشـــبەرانی یانەی مانچستەر سیتی یانەکە بەجێ دەهێڵن کە بریتین لەیاریزانی ئەرژەنتینی کارلۆس تیڤێز و یاریزانی بۆســـنی ئەدین دجیکۆ و یاریزانی تۆگۆلی ئیمانوێل ئەدیبایۆر و یاریزانی پاراگوایی ڕۆکی ســـانتا کرۆز، ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕوونکردەوە لەدوای تەواوبوونی فرۆشتنی ئەم یاریزانانە یانەی مانچســـتەر سیتی پارەکان تەرخان دەکات لەمۆرکردنی چەند بۆندێك کە یەکێکیان بۆندی یاریزان ڕادمیل فالکاوە.
ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەلای خۆیەوە بەهەمان شێوە باسی ئەم بۆندەی کرد و ڕایگەیاند یانەی مانچستەر سیتی بۆندێکی گەورە ئامادە دەکات بۆ کڕینەوەی یارزان فالکاو کە دەگاتە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ.
لەلایەکی دیکەوە تۆڕی (ئی ئیس پی ئێن) دووپاتیکردەوە کە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئاگاداری ســـەرجەم ئەو یانانەی کردەوە کە هەوڵی مۆرکردنی بۆند لەگەڵ فالکاو دەدەن بەتایبەتی یانەی مانچســـتەر ســـتی و ڕایگەیاندووە کە یاریزانی ناوبراو بۆندەکـــەی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەردەوامە و هیچ نیازێك نییە کە دەســـتبەرداری بن، بەڵام ماڵپەڕی کۆت ئۆفســـاید ڕایگەیاند یانەی مانچســـتەر سیتی سوڕە لەســـەر پێشکەشکردنی بۆند بۆ هەردوو یاریزان ڕادمیل فالکاو و یاریزان ئەدینسۆن کاڤانی یاریزانی یانەی ناپۆلی بۆ ئەم مەبەســـتەش بڕی ٨٠ ملیـــۆن پاوەندی تەرخانکردووە.



# جیرارد لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەردەوام دەبێت

ستیڤن جیرارد کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ دووپاتیکردەوە بەپابەندبوونی بەیاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تا گەیشتن بۆ یارییەکانی مۆندیال بەرازیل لەساڵی ٢٠١٤ سەرەرای دەرچوونیان لەقۆناغی هەشتەمی یۆرۆ لەبەرامبەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، پێشبینی دەکرا جیراردی تەمەن ٣٢ ساڵ لەدوای ئەم دەرچوونە بڕیاری وازهێنان بدات لەیاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، بەڵام جیرارد لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی : ئەو ئاستە باشەی کە لەیۆرۆدا پێشکەشمان کرد گەشبینیمان پێدەبەخشێت کە داهاتوو باشتر بێت، بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە فێربین چۆن زیاتر کۆنترۆڵی تۆپ بکەین. هەروەها جیرارد گوتی : لەدوای یارییەکەی ئیتاڵیا بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ ڕاهێنەر ڕۆی هۆدسۆن قسەم کردووە و من ئامادەم بۆ یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا هەر کاتێك پێویستیان بەتواناکانی من بوو، لەهەندێك کاتدا ئاستمان وەك پێویست نەبوو چونکە ڕێژەی کۆنترۆڵی تۆپ لەلای ئێمە وەك پێویست نەبوو، دەبێ ئەم ڕێژەیە باش بکەین ئەگەر بمانەوێ ئاستمان بەرەو پێش ببەین.

لەکۆتایی لێدوانەکەدا جیرارد سوپاسی هاندەرانی ئینگلتەرای کرد و گوتی : هاندەرانمان دەزانن کە ئێمە بۆ بەرژەوەندی هەڵبژاردەکەمان یاریمان کرد، وابزانم بەباشی یاریمان کرد بە بەراورد کردن لەگەڵ پاڵەوانەتییەکانی پێشوو.





# ئۆزیل: لۆف دەتوانێ ببێتە ڕاهێنەری ڕیال مەدرید

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئەستێرەی هێلی ناوەراستی یانەی ڕیال مەدرید مەسعود ئۆزیل پێیوایە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یواکیم لۆف دەتوانێ ئەرکی ڕاهێنانی یانەی ڕیال مەدرید وەربگرێت و لەم ئەرکە سەرکەوتوو بێت، ئۆزیل لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی ستایشی ئاستی ڕاهێنەر یواکیم لۆفی کرد و گوتی: لۆف ڕاهێنەرێکی یەکجار لێهاتووە و توانایەکی بەرزی هەیە، بۆیە ئێستا یەکێکە لەباشترین ڕاهێنەرانی جیهان.

دەربارەی ئەگەری دەستنیشانکردنی ڕاهێنەر لۆف وەك ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید، مەسعود ئۆزیل گوتی: بێگومان لۆف لەتوانای دا هەیە ببێتە ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید، چونکە لۆف خاوەن ئەو ئەزموونەیە کە دەتوانێت ئەرکی ڕاهێنەری گەورەترین یانەکانی جیهان وەربگرێت.



# مێژووی پاڵەوانێتی جامی عەرەب

مێژووی پاڵەوانێتی جامی عەرەب

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لەوڵاتی سعودیە نۆیەم پاڵەوانێتی جامی عەرەب دەستی پێکرد بە بەشداریکردنی ١١ هەڵبژاردە لەنێوانیدا هەڵبژاردەی عێراقە. ئـەم پاڵەوانێتیە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی گرنگی پێنەدانی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەم پاڵەوانێتیە کاتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتییەکان دیار نییە و هەروەها لەزۆربەی پاڵەوانێتیەکاندا هەڵبژاردەکان بەتیپی دووەم یاخود لاوان یان ئۆڵۆمپی بەشداری دەکەن، ئەمەش مێژووی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی جامی عەرەبە.

١-لوبنان (١٩٦٣)

یەکەم پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (١٩٦٣) لە لوبنان بەڕێوەچوو بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەکانی (لوبنان، تونس، سوریا، کوەێت، ئوردن)، کە تیاییدا هەڵبژاردەی تونس بووە پاڵەوانی یەکەم پاڵەوانێتی جامی عەرەب، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-تونس، ٢-سوریا، ٣- لوبنان، ٤- کوەێت، ٥- ئوردن.

٢- کوەێت (١٩٦٤)

دووەم پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (١٩٦٤) لەکوەێت بەڕێوەچوو بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەکانی (عێراق، لیبیا، کوەێت، لوبنان، ئوردن)، کە تیاییدا هەڵبژاردەی عێراق توانی ببێتە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانێتیە، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-عێراق، ٢-لیبیا، ٣- کوەێت، ٤- لوبنان، ٥- ئوردن.

٣-عێراق (١٩٦٦)

سێیەم پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (١٩٦٦) لەعێراق بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیەدا ١٠ هەڵبژاردەی عەرەب بەشداری تیادا کرد ئەویش هەریەکە لە(عێراق، لوبنان، ئوردن، کوەێت، بەحرێن، سوریا، لبیا، فەڵەستین، یەمەن، عومان)، لەم پاڵەوانێتیەدا هەڵبژاردەی عێراق توانی پارێزگاری لەنازناوەکە بکات و بۆ دووەم جار ببێتە پاڵەوان، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-عێراق، ٢- سوریا، ٣- لیبیا، ٤- لوبنان.

٤-سعودیە (١٩٨٥)

دوای ئەوەی پاڵەوانێتی جامی عەرەب بۆ ماوەی (١٩) ساڵ ئەنجامدرا، لەساڵی (١٩٨٥) چوارەمین پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەوڵاتی سعودیە بەڕێوەچوو، کە تیایدا لەم پاڵەوانێتیدا شەش هەڵبژاردە بەشداری تیادا کرد ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (سعودیە، عێراق، قەتەر، ئوردن، بەحرێن، مۆریتانیا) بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی هەڵبژاردەی عێراق توانی پارێزگاری لەنازناوی پاڵەوانێتیەکە بکات و ببێتە پاڵەوان، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-عێراق، ٢- بەحرێن، ٣- سعودیە، ٤- قەتەر.

٥-ئوردن (١٩٨٨)

پێنجەمین پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (١٩٨٨) لەوڵاتی ئوردن بەڕێوەچوو، کە تیایدا دە هەڵبژاردە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد ئەویش هەریەکە لە(عێراق، ئوردن، سوریا، جەزائیر، بەحرێن، کوەێت، میسر، لوبنان، تونس، سعودیە)، بۆ جاری چوارەم لەسەر یەکدی هەڵبژاردەی عێراق توانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە بەدەستبهێنێت و ڕیزبەندی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە بوو.

١-عێراق، ٢- سوریا، ٣- میسر، ٤- ئوردن.

٦- سوریا (١٩٩٢)

شەشەمین پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی ١٩٩٢ لەوڵاتی سوریا بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی عێراق دوورخرایەوە بەهۆی ڕووداوەکانی کەنداو و تەنیا شەش هەڵبژاردە بەشداری تیادا کردبوو ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (میسر، کوەێت، ئوردن، سعودیە، سوریا، فەڵەستین)، لەم پاڵەوانێتیدا هەڵبژاردەی میسر توانی بۆ یەکەمجار نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەستبهێنێت، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-میسر، ٢- سعودیە، ٣- کوەێت، ٤- سوریا.

٧- قەتەر (١٩٩٨)

حەفتەمین پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (١٩٩٨) لەوڵاتی قەتەر بەڕێوەچوو، کە تیاییدا ١٢ هەڵبژاردەی عەرەبی بەشدارییان لەم پاڵەوانێتیە کرد ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (قەتەر، ئوردن، لیبیا، ئیمارات، مەغریب، سودان، کوەێت، میسر، سوریا، سعودیە، لوبنان، جەزائیر) لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی سعودیە بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیدا توانی نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەستبهێنێت، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-سعودیە، ٢-قەتەر، ٣- کوەێت، ٤- ئیمارات.

٨-کوەێت (٢٠٠٢)

هەشتەمین پاڵەوانێتی جامی عەرەب لەساڵی (٢٠٠٢) لەوڵاتی کوەێت بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیەدا ١٠ هەڵبژاردە بەشداری تیادا کردبوو ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (ئوردن، مەغریب، کوەێت، سودان، فەڵەستین، سعودیە، بەحرێن، سوریا، یەمەن، لوبنان)، لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی سعودیە توانی پارێزگاری لەنازناوەکەی بکات بۆ جاری دووەم ببێتە پاڵەوان، ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-سعودیە، ٢- بەحرێن، ٣- ئوردن، ٤- مەغریب.



# ٢٣ یاریزانی ئەفریقی بەشداری لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢یان کرد

ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بەسەرکەوتوویی لەهەردوو وڵاتی ئۆکرانیــا و پۆڵەندا تەواو بوو، لەم پاڵەوانێتیەدا چەندین دیاردەی ســەیر ڕوویــدا، کە گرنکتریان بەشــداریکردنی ٢٣ یاریزانی بەڕەگەز ئەفریقی لەگــەڵ هەڵبژاردەکانی ئەوروپا دوای ئــەوەی ڕەگەزی ئەم وڵاتانەییان وەرگرت، ئەمەی خوارەوە لیستی یاریزانە ئەفریقییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٢یە.

١-یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارك جۆریس ئەکۆری، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ســاحیل ئەلعاجە و تەمەنی ١٩ ســاڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

٢- یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارك ســیمۆن بۆلسن، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی نێجیریایە و تەمەنی ٢٧ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

٣- یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا جیرۆم بواتینگ، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی گانا-یە و تەمەنی ٢٣ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

٤- یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ســامی خزێــرە، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی تونس-ە و تەمەنی ٢٥ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

٥- یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەنــدە خالید بولحروز، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی مەغریب-ە و تەمەنی ٣٠ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

٦- یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە ئیبراهیم ئەفیلای، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی مەغریب-ە و تەمەنی ٢٦ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

٧- یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال ڕۆلاندۆ، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ڕاس ئەخزەرە و تەمەنی ٢٦ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

٨- یاریزانــی هەڵبژاردەی پورتوگال نانــی، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ڕاس ئەخزەرە و تەمەنی ٢٥ ساڵە و لەهێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

٩- یاریزانی هەڵبژاردەی پورتــوگال ڤارێلا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ڕاس ئەخزەرە و تەمەنی ٢٧ ساڵە و لەهێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

١٠- یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ئەنجیلۆ ئۆگۆبۆنا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی نێجیریایە و تەمەنی ٢٤ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

١١- یاریزانــی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ماریۆ بالۆتێلی، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی گانا-یە و تەمەنی ٢١ ســاڵە و لەهێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

١٢- گۆڵچی هەڵبژاردەی فەرەنسا ستیف ماندادا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی کۆنگۆیە و تەمەنی ٢٧ ساڵە.

١٣- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا پاتریس ئیڤرا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی سەنیگالەو تەمەنی ٣١ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

١٤- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا عادل ڕامی، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی مەغریب-ە و تەمەنی ٢٦ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

١٥- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا بلیز ماتوێدی، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ئەنگۆلا و تەمەنی ٢٥ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

١٦- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا یان مامڤێلا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی کۆنگۆ-یە و تەمەنی ٢١ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

١٧- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا ئەلۆ دیــارا، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی مالی و تەمەنی ٣٠ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

١٨- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا سەمیر نەسری، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی جەزائیر و تەمەنی ٢٤ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

١٩- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا حاتم بن عرفە، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی تونسە و تەمەنی ٢٥ ساڵە و لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.

٢٠- یاریزانی هەڵبژاردەی چیك جیبری سیلاســی، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتــی ئەســیوبیا-یە و تەمەنی ٢٥ ســاڵە و لەهێڵــی بەرگری یاری دەکات.

٢١- یاریزانی هەڵبژاردەی ســوید مارتن ئۆڵســن، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی کینیا و تەمەنی ٢٤ ساڵە و لەهێڵی بەرگری یاری دەکات.

٢٢- یاریزانــی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە دانی ویلباك، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی گانا-یە و تەمەنی ٢١ ساڵە و لەهێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

٢٣- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســا کەریم بن زیمە، کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی جەزائیر-ە و تەمەنی ٢٤ ساڵە و لەهێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

